حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ٢٦٨٥٥ / ك
رێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ٢٧/ ١١/ ٢٠٢٢

بەیانی ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠٢٢
فراوانکردنی حەرەمی گوندی (شاکەل)

ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٨٢٩ لە ٢٠٢٢/١٠/١٧) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

بڕیارماندا بە:

یەکەم : فراوان کردنی حەرەمی گوندی شاکەل و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی سەرقەڵا سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری **(١١) یازدە دۆنم** لەسەر پارچەزەوی ژمارە (١٢٤/سەرقەڵا) کەرتی (٤)ی شاکەل و بەمەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (شاکەل) وە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٤٠٩) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٤ و ڕۆژنامەی یاری ژمارە (١٥٨١) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٤ بڵاوکراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

دووەم : ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ :

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ **هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا**
- (پارێزگای سلێمانی ، ئیدارەی گەرمیان)/ بۆ کاری پێویست و بەرەچاوکردنی نوسراوی فەرمانگەی شوێنەواری و کەلەپووری گەرمیان ژمارە (٤٦٠/٦٥٤ لە ٢٠٢٢/١١/٢٨) و نووسراوی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە / ف.ژینگەی گەرمیان ژمارە (٥٨٩ لە ٢٠٢٢/١٠/٩) نووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان ژمارە (٤١٢٠/٤٠٠ لە ٢٠٢١/١٠/٥) و نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان ژمارە (١١٠ لە ٢٠٢٢/١/١٠) لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.

ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ت.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
14/ 11/ 2022
(Burhan)